# هەوێردە



دوو هەوێردە لە ناو پەڵە گەنمێکدا دەژیان. بە ڕۆژ دەچوون بۆ گەڕان و بەشەو دەهاتنەوە هێلانەکەی خۆیان. جوجەڵەکانی خۆیان ڕاسپاردبوو کە هەرچی ڕۆژانە دەیبیسن و دەیبینن شەوانە بۆیان بگێڕنەوە.

شەوێک جوجەڵەکان بە دایکوباوکی خۆیان وت: ئەمڕۆ خاوەن زەوی کوڕەکەی خۆی ناردە لای هاوسێکانی کە بەیانی بێن و بە هەرەوەزی گەنمەکەی لە گەڵ بدروونەوە.

دایکی جوجەڵەکان گوتی: مەترسن، کەس نایە و بەیانیش هێلانەمان لێ تێک ناچێت.

سبەی شەو جوجەڵەکان گوتیان: ئەمڕۆ کابرای وەرزێر و کوڕەکەی زۆریان چاوەنواڕی کرد، کەس نەهاتە یاریدەیان. کابرا کوڕەکەی ناردۆتە لای خزمان کە سبەی بێن و گەنمەکەی لە گەڵ هەڵبگرن.



دایک گوتی: مەترسن، هێلانەمان لێ تێک ناچێت و ئەمڕۆش ئاوارە نابین.

شەوی سێیەم جوجەڵەکان گوتیان: خزمەکانیش نەهاتن و یاریدەی ـ



وەرزێریان نەدا. بەڵام، گوێمان لێبوو کابرا بە کوڕەکەی گوت: ڕۆڵە، ڕاستە پێشینیان دەڵێن: «تێگوشین بە هیوای هاوسێ وشکە». کار بە هیوای خەڵک و ئەم و ئەو هەر وای لێدێت و ئەوەی بە دەستی خۆمان نەیکەین ناکرێ! داسەکان تیژ کەن، بەیانی خۆمان گەنمی مەزراکەمان دەدروووینەوە.



دایکی جوجەڵەکان وتی: با هەر ئەمشەو بگوێزینەوە، چونکە بەیانی هێلانەمان لێ تێک دەچێت و پەروازە دەبین. با لە ئێستاوە لە فکردا بین و بچین بە شوێن جێگەیەکی تازەوە.

جوجەڵەکان سەریان لە گفتی دایکیان سووڕ ما و پرسیان چۆن ئەمە دەزانیت؟ دایک گوتی: تا وەرزێر بە هومێدی ئەم و ئەو بوو، دەمزانی کە هیچی بۆ ناکرێت. بەڵام، کە ئێستا لێبڕاوە بەخۆی کاری خۆی بکات، تێگەیشتووم ئێمە دەبێت بار بکەین و لێرە بڕۆین.



* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

هەوێردە: کەڕەواڵە

هاوسێ: دراوسێ، هاوماڵ، جیران

ئاوارە: پەروازە، لانەواز

وەرزێر: جوتیار، پاڵە

* ڕاهێنان

1. بنووسە مەبەست لەم وتەیە چیە: تێگوشین بە هیوای هاوسێ وشکە! ..................

..................

..................

..................

2. لە ناو تێکستەکەدا و هەر وەها لە نا و ئەو هۆنراوانەی خوارەوەدا، وشە سادە و ئاوێتەکان (تێکەڵاوەکان) بدۆزەوە و دیاری بکە وشە ئاوێتەکان لە چ وشەگەلێک پێک هاتوون.

خوایە وەتەن ئاواکەی

..................

چەن دڵگیر و شیرینە

..................

دەشتی خۆشێ و ڕەنگینە

..................

ئاوی کەوسەرە

..................

خاکی گەوهەرە

..................

پڕ لە گوڵ و نەسرینە

..................

«فایەق بێکەس»

ئەسیری بسکی ئالۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم

..................

..................

تەماشا کەن چ سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم

..................

..................

«مامۆستا هێمن»

پەندی پێشینیان:

قەفەز با لە زێڕیش بێت، هەر دیلیە.

..................

..................